

# گوتاری کوردبوون

عەتا قەرەداخی

مەبەست لە گوتاری کوردبوون چییە؟ بەڵام پێویستە سەرەتا بزانین کوردبوون چییە و چ پەیوەندییەکی هەیە بە گەوهەربوونی ئۆنتۆلۆجیانەی کوردەوە، هەروەها پەیوەندی نێوان کوردبوون و شوناسی کوردی چییە؟ ئایا بەبێ بەدەستهێنانی شوناسی نەتەوەیی شتێک هەیە پێی بگوترێت کوردبوون؟ ئەی شوناس چۆن بەدەست دەهێنرێت و چ پەیوەندییەکی بە ئازادبوون و سەربەخۆبوونەوە هەیە؟ یان بە مانایەکی تر ئایا دەشێ خەیاڵی کوردبوون و بەدەستهێنانی شوناسی کوردی بکرێت بەبێ گەیشتنی ڕۆحی گشتیی کوردی بە ئاستێک کە بتوانێت ئازادانە گوزارشت لە خۆی بکات، کە ئەو ئاستەش تەنیا لە دەوڵەتدا دەبێت؟ دوای ئەمانە دێینە سەر ئەوەی بپرسین گوتاری کوردبوون چییە؟

بێ گومان ئەوە ئاشکرایە کە کورد بەپێی چەمکی کلاسیک بۆ نەتەوە یەکێکە لە نەتەوە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەم ڕووەوە دەکەوێتە پێش هەندێک لەو نەتەوانەی ناوچەکەوە کە نەک هەر خاوەنی دەوڵەت و سەروەری و بوونی خۆیانن، بەڵکوو بە شێوازی جۆراوجۆر و لە ماوەی مێژووی جیاجیادا دەوڵەت و تەنانەت ئیمپراتۆرییان هەبووە و هەر یەکەش بە جۆرێک دەسەڵاتیان بەسەر کوردستان یان نیشتیمانی کورددا کردووە و لەم ڕووەشەوە نەک هەر ڕێگرییان لە کوردبوون کردووە، بەڵکوو لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا ڕاستەوخۆ بە نەخشە و بەرنامە، یان ناڕاستەوخۆ و لە ئەنجامی فەرمانڕەواییدا هەوڵی لەقکردن و لاوازکردن و لەناوبردنی پایەکانی کوردبوونیان داوە و لەوێشەوە توانیویانە زۆرێک لەو پایانە بڕووخێنن یان لاواز بکەن یان لەکار بخەن و ناکارا بکەن، کە پێیان دەگوترێت پایەکانی بونیادنانی کەسێتیی کوردی کە ئاشکرایە کوردبوون بەبێ بونیادنانەوەی کەسێتیی کوردی ناگاتە ئەنجام.

وەکوو گوتمان بەپێی چەمکی کلاسیک بۆ نەتەوە، کورد یەکێکە لە نەتەوە دێرینەکان کە ڕەگەز و پایەکانی تیۆری کلاسیک بۆ بوونی نەتەوە بریتین لە خاک و زمانی هاوبەش و مێژوو، داب و نەریت و ئەفسانە و گۆرانی و مۆسیقا و ئایین و...

. ڕاستە کورد هەموو ئەم ڕەگەزە گرنگانەی بوونی نەتەوەی هەیە کە بەپێی تیۆری کلاسیک ئەمانە سەلمێنەری بوونی نەتەوەن. هەر بەو پێیە دەبێ کورد مادەم بنەماکانی نەتەوەبوونی هەیە کەواتە دەبووا کوردبوون لە ئاستێکی باڵادا بووایە، بە جۆرێک بوونی هەبووایە کە نە لەبەردەم مەترسی و هەڕەشەی لەناوچوون و لەناوبردندا بووایە، نە هیچ دەسەڵات و فەرمانڕەوایيەکی ئەملا و ئەولا بوێریی ئەوەی هەبووایە وڵاتەکەی داگیر بکات و دابەشی بکات و، بە چەمکی ئیسماعیل بێشکچی، بیکاتە کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی. هەر بۆیە لێرەدا ئێمە دوو ئاست بۆ کوردبوون دەستنیشان دەکەین کە یەکەمین کوردبوونە لە خۆیدا و دووەمیشیان کوردبوونە بۆ خۆی؛ ئەمەش بە پشتبەستن بە هەمان ئەو بۆچوونەی کە لە مارکسیزمدا لەسەر چینی کرێکار هەیە و دەڵێت قۆناغی یەکەمی دەرکەوتنی چینی کرێکار ئەوەیە کە چینێکە لە خۆیدا چینە و قۆناغی دووەمیش چینە بۆ خۆی، کە ئەمەی دووەمیان ئەو قۆناغەیە کە تیایدا خۆسەلماندن پێویستە ببێتە ئەمری واقیع.

کورد وەکوو ئەوەی کە لەسەر بنەمای بوونی ئەو ڕەگەزە کلاسیکیانەی بوونی نەتەوە باسی دەکەین تەنیا لە خۆیدا نەتەوەیە. ئەمەش وەکوو «بوون»ێک وایە کە پێکهاتەیەکی ناکامڵی هەیە و زیاتر لە «بوون»ێکی نەبەکام دەچێت. بەڵام ئەگەری ئەوەی هەیە کە ئەم ڕەگەزانەی ئەم بوونە ناکامڵەیان پێک هێناوە لە ئاستێکدا پارێزگاری لە بوون و مانەوەی ئەم پێکهاتەیە بکەن، بەڵام هەرگیز نایگەیەننە ئاستی خۆسەلماندن. ئەمەش مانای ئەوەیە کە لەم بارەدا کە کورد بە نەتەوە ناو دەبرێت تەنیا وەکوو بوونێکی ناکارا و ناکاریگەر دەمێنێتەوە. ئەمەش ئەو قۆناغەیە کە ئەم ڕەگەزانە ڕۆڵ لە بەرجەستەکردنیدا دەبینن و ئەم بوون و پێکهاتنەش تەنیا ناوێکە لە پەراوێزدا و لە ڕووی کار و ئامادەبوونەوە بوونی نییە؛ ئەمەش ئەو قۆناغەیە کە تیایدا کورد هەیە بەڵام تەنیا لە خۆیدا هەیە و بەس. ئەمەش قۆناغی کوردبوونی ناتەواو یان ناکامڵە. ئاشکراشە هیچ «بوون»ێکی ناکامڵ و ناتەواو ناتوانێت ڕووداو دروست بکات و بەرهەم بهێنێت و خۆ بسەلمێنێت، بەڵکوو بەپێچەوانەوە «بوون»ی ناتەواو هەمیشە پێویستی بە دەستگیرۆیی و یارمەتیدان و پاڵپشتکردنی ئەوانی ترە. لە ڕاستیدا، کورد ئێستا تا ئەندازەیەکی ئاشکرا لەم قۆناغەدایە، قۆناغی چاوەڕوانکردنی پشتگیری و دەستگیرۆیی ئەوانی تر. کەواتە ئێستا کورد لە قۆناغی کوردبوون لە خۆیدایە، واتە لە ڕووی کار و ئامادەبوونەوە تەنیا خۆی خۆی دەبینێت و خۆی دەناسێت و تەنانەت کارە بچووکەکانی خۆیی پێ گەورەیە.

قۆناغی دووەم کە کوردبوونی تێدا پێناسە دەکرێت ئەو قۆناغەیە کە کورد دەبێتە پێکهاتە و «بوون»ێک بۆ خۆی، کە ئەمەش قۆناغی کەوتنە سەرپێ و بەبکەربوون و ڕووداودروستکردن و خۆسەلماندنە. لە ڕووی سۆسیۆلۆجییەوە، ئەم خۆسەلماندنە تەنیا بە بوونی ئەو پایە و بنەمایانە ناگاتە ئەنجام کە تیۆری کلاسیک بۆ بوونی نەتەوە بڕوای پێیانە و پشتیان پێ دەبەستێت، بەڵکوو لەم ڕوانگەیەوە کورد لەسەر بنەمای بەستێن و ڕەگەزی تر دەتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت و کوردبوون لەسەر بەستێنی واقیع ببینرێت و هەستی پێ بکرێت؛ ئەویش نەک تەنیا لە لایەن کورد خۆیەوە بەڵکوو لەم قۆناغەدا دەبێ ئەوانی تر دان بەو بوونەدا بنێن، کە ئەمەش لەسەر بنەما و بەستێنی ئامادەبوونی کورد و بەشداریکردنی کورد و خۆسەلماندنی کورد دەبێت لە ڕیزی نەتەوەکانی تردا و لەم بارەشدا قۆناغی چاوەڕوانی ئەوانی تر بۆ پشتگیری و دەستگیرۆیی و یارمەتیدان و پاراستن کۆتایی دێت و دەبێ کورد بگاتە ئاستێک کە خۆی «بوون»ێک بێت هەموو شتێکی خۆی ئەنجام بدات و، لە سەرووی ئەوەشەوە، لەگەڵ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بەشداریی بەرهەمهێنانی شارستانییەتی مرۆڤایەتی بکات، ئەمەش ئەو قۆناغەیە کە کوردبوون تیایدا دەگاتە ئاستێکی پێناسەکراو و کورد دەبێتە «بوون»ێک بۆ خۆی. کەواتە هەتا کوردبوون لە ڕووی خۆسەلماندنەوە نەگاتە جێ و بکەری کوردی نەبێتە بکەرێکی

کارا، قسەکردن لـە کوردبـوون و لـە گوتـاری کوردبوون لە سنووری خەیاڵدا دەمێنێتەوە. ئەگەر ئەمە باری کوردبوون بێت و تاوەکوو ئێسـتا کورد بوونێک بێـت لە خۆیدا و تەنیا لـە خۆیدا بوونی هەبێت و نەگەیشـتبێتە ئاستێک کە لای ئەوانی تـر بوونی هەبێت، مانای وایە ئـەو بوونە لە ڕووی سۆسیۆلۆجییەوە بوونێکی پەراوێزییە یان بوونێکی سەرەتاییە. ئاشکراشە تازە کاتی ئەوە تێپەڕیوە کە کورد بە شـێوەیەکی سروشـتی و لەسەر بنەمای ئەو ڕەگەزە کلاسیکیانەی نەتەوەبوون بوونی خۆی بسـەلمێنێت، چونکە ئەو ڕەگەزانـە تەنیا وەکوو مادەی خـاوی بوونی نەتـەوە سـەیر دەکرێن و بەبێ کارپێکردن و کارلەسەرکردنیان و گۆڕینیان بۆ جۆرێکی تر لە بنەما ناشێت تازە بکرێنە پێوانە بۆ کوردبوون چونکە کوردبوون لە ئێسـتادا بەبێ بوونی دەوڵـەت دابین نابێت. ئـەم ڕەگەزانەش بەبێ بڵندکردن و جووڵاندن ناشـێت لەو ڕووەوە ڕۆڵ و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان هەبێت. با لێرەدا سـەیری جوولەکە بکەین کە بێجگـە لە ئایینی هاوبەش هیچ بنەمایەکی تری هاوبەشیان نەبوو بەڵام لە ڕێگای دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە جوولەکەبوون نەک گەیشـتە ئاستێک کە خۆی بەوانی تر بناسێنێت و بوونی خۆی بسەلمێنێت، بەڵکوو گەیشتووەتە ئاستێک کە باڵادەستیی هەیە بەسـەر زۆرینەی ئەوانی تـردا و لەبری ئەوەی لە پێگەی بەرگریدا بێت لە پێگەی تەحەداکردندایە لە هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێت لەبەردەم بوونی ئەودا بەربەست یان کێشە دروست بکەن. کەواتە لەم ڕوانگەیەوە ئایا لە چ دەروازەیەکەوە کوردبوون خۆی دەسەلمێنێت؟

ئەگەر سەیری ڕابردوو بکەین و لە دوو گۆشەنیگاوە سـەیری کورد بکەیـن، کە یەکەمیان شـێوازی پەرەسـەندنی کۆمەڵایەتییـە و ئەوی تریشـیان سەرهەڵدان و بەرقەراربوونی بزووتنەوەکانی کوردە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە کورد لە هیچکام لەو دوو ڕێگایەوە نەیتوانیووە بوونی خۆی بسەلمێنێت، بەو پێوانەی کە ئێمە هەمانە بۆ کوردبوون. چونکە ئاشـکرایە هـەر جووڵەیـەک کـورد نەگەیەنێت بـە سـەربەخۆیی و دەوڵـەت و بەدەسـتهێنانی سـەروەریی نەتەوەیـی مانـای وایـە نەیتوانیوە کوردبوون بسەلمێنێت. لە ڕوانگەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە ئەگەر کۆمەڵگە پەرەسەندنێکی سروشـتی هەبێت ئەوا لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەگاتە ئاسـتی بەرهەمهێنانـی دەوڵەت. بەپێی ماتریاڵیزمی مێـژوو، لە قۆناغی فیودالیدا، لە نێو هەناوی ئـەو قۆناغەوە، لە ناوبـەری ئەو قۆناغە و سیسـتەمی فیودالی لە دایک دەبێت کە چینی بۆرژوایە و شۆڕشی خۆی بەرپا دەکات کە شۆڕشی پیشەسازییە و، لەگەڵ ئەمەشـدا، چینی ناوەند یان بۆرژوا لە دایک دەبێت و ئەو چینەش هەڵگری پرۆژەی دروسـتکردنی دەوڵەتـی نەتەوەییە، کە زۆربەی دەوڵەتانی ئەورووپا لەم ڕێگایەوە دروسـت بـوون کـە دەوڵەتی نەتەوەیـی بـوون و تیایاندا نەتەوەییبوون بەرجەستە بووە. لە تێزی هیگڵدا بۆ پەرەسـەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لە خێزانەوە دەسـت پێـدەکات و بـە کۆمەڵگـەی مەدەنیدا تێدەپەڕێت و دەگات بە دەوڵەت. کە ئەویش ئەو دامەزراوەیە کۆمەڵگە یان نەتەوە تیایدا بە ئازادی گوزارشـت لە بوونـی خـۆی دەکات کە ئەمەش بریتییە لە گەیشـتن بە ئاسـتی بـوون. بوون بە مانـای ئامادەبـوون و خۆسـەلماندن. هەڵبەت ئەمەش دەزانین کە بەشـێک لە نەتـەوەکان لە ڕێگای بوونی دەوڵەت یان ئیمپراتۆریی خێڵایەتی و ئایینییـەوە بوونـی خۆیانیـان سـەلماندووە. فارسبوون و عەرەببوون و تورکبوون نموونەی ئەم جـۆرە بەدەوڵەتبوونـەن و لەم ڕێگایەشـەوە هەم بوونی خۆیانیان سەلماندووە، هەم سەروەرییان بە دەسـت هێناوە و بوونەتە خاوەنی شوناس و هەم هەر یەکـەش بە ئەندازەیەک لـە بەرهەمهێنانی شارسـتانییەتی مرۆڤایەتیدا بەشدارییان کردووە و لـەو ڕوانگەیەشـەوە خودبوونـی خۆیـان هەم سەلماندووە و هەم پاراستووە. کورد لە هیچکام لەم ڕێگایانەوە نەیتوانیوە بگاتە ئاستی بەرهەمهێنانی دەوڵـەت. ئەمـەش مانـای ئەوەیە لـە هیچکام لەم ڕێگایانـەوە هەنـگاوی بـەرەو ئامادەبوون و خۆسـەلماندنی نەناوە و نەگەیشـتووەتە ئاستی

کوردبوون، بەڵکوو تەنیا وەکوو کورد ماوەتەوە کە لە ڕووی زمانەوە کورد وەکوو «بوون»ێکی بێ لایەن و «بوون»ێکی دەرەوەی کردار دەبینرێت. بوونیش بە کردار و بە دروستکردنی ڕووداو و بە بەرهەمهێنان دەستەبەر دەبێت. واتە لێرەدا مەبەستمان ئەمەیە کە کوردبوون یەکسانە بە بوونی دەوڵەتی کوردی، یەکسانە بە ئامادەبوون و بەشداریکردن لەگەڵ نەتەوەکانی تردا وەکوو «بوون»ێکی هاوشان و هاوتا، کە ئەمەش لە ئاستێکی تردا یەکسانە بە بەدەستهێنانی شوناسی نەتەوەیی کە ئەویش شوناسێکە لە کار و ئامادەبووندا نەک شوناسێک کە تەنیا وەک ناو بوونی هەبێت.

بێ گومان بەدەستهێنانی ئەو شوناسەش، کە ئێمە مەبەستمانە و دەربڕی کوردبوونە، ئەستەمە هەتا کەسێتیی کورد نەگاتە ئاستی لەخۆتێڕامان و هەڵسەنگاندنی خۆی و دیاریکردنی شوێن و پێگە و بوونی خۆی و تاکوو ئەمەش وای لێ نەکات بە ئاشکرا و بەبێ دوودڵی و ترس لە کولانەوەی برینەکانی، بەبێ گوێدان بە زەقبوونەوەی گرێکانی شکست و هەست بە کەمیکردنی لە خۆی بپرسێت: من کێم؟ بۆچی تاکوو ئێستا بوونم نییە؟ بۆچی لە دەرەوەی مێژوو، لە پەراوێزدا، ماومەتەوە؟ کە دەشێ ئەمەش بە دەستپێکی قۆناغی خۆناساندنی کەسێتیی کوردی دابنرێت، کە ئاشکرایە خۆسەلماندن بەبێ خۆناسینی کەسێتیی کوردی و دانان بە شکستەکانیدا و لەوێشەوە دانانی بەرنامەی خۆدروستکردنەوە ناگاتە ئەنجام. بەکورتی، کوردبوون کە بەبێ بوونی دەوڵەت جۆرێکە لە خەیاڵ، هەرگیز بەبێ بونیادنانەوەی کەسێتیی تێکشکاوی کوردی دروست ناکرێت. کاتێ لە ڕابردوودا کۆمەڵگەی کوردی نەیتوانیوە لە هیچکام لەو ڕێگایانەی کە باسمان کردن خۆی بسەلمێنێت و دەوڵەتی خۆی دروست بکات و بگاتە ئاستی کوردبوون، لەبەر ئەمەیە کە خۆیی نەناسیووە و نەیزانیووە پێویستە چ بکات. بزووتنەوەکانی کورد، کە دیارە هەر یەکە بە جۆرێک هەوڵی داوە کوردبوون بسەلمێنێت، لەبەر ئەمەی تەنیا وەکوو کاردانەوە دروستبوون و بەرهەمی خۆناسین و تێگەیشتنی کەسێتیی کوردی نەبوون لە خۆی و لەسەر ئەم بنەمایەش بەرهەمی ڕوانگە و تێڕوانینێک نەبوون کە بزانێت کورد چی دەوێت، هەر یەکە بۆ ماوەیەک بەردەوام بوون و پاشان شکستیان هێناوە. ئێستا پرسیار ئەمەیە لە کاتێکدا کوردبوون یەکسان بێت بە دەوڵەت، کەواتە چۆن کوردبوون بە دەست دێت یان چۆن کورد دەتوانێت بگات بە قۆناغی کوردبوون؟

> بوونیش بە کردارو بە دروستکردنی ڕووداو و بە بەرهەمهێنان دەستەبەر دەبێت

لەڕاستیدا، بەپێی ڕوانینی مۆدێرنیتە دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات. ئێمەش مەبەستمان ئەمەیە کە کوردبوون بریتییە لە بەنەتەوەبوونی کورد. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەبێ بوونی دەوڵەت کوردبوون پێک نایەت. کەواتە ئەگەر ئێمە بیر لە کوردبوون یان بەنەتەوەبوونی کورد بکەینەوە پێویستە بیر لە بەدەوڵەتبوونی کورد بکەینەوە؛ واتە لەم قۆناغەدا کورد چۆن دەبێت بە دەوڵەت؟ کورد وەکوو نەتەوە لە مێژووی سەدەی بیستدا چەند هەلێکی لە دەست چووە بۆ ئەوەی دەوڵەتی بۆ پێکبهێنرێت. دیارە دەزانین کورد خۆی بگات بە ئاستی بەرهەمهێنان و پێکهێنانی دەوڵەت جیاوازە لەمەی کە دەوڵەتی بۆ پێکبهێنرێت. لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانیدا ئەگەری ئەوە هەبوو کە هەرچۆن دەوڵەتانی بڕیاربەدەست چەندین دەوڵەتی نوێیان بۆ عەرەب و بۆ تورک و بۆ نەتەوەکانی تریش دروست کرد، بە هەمان شێوە، دەوڵەتیشیان بۆ کورد دروست بکردایە کە ئەویش دەوڵەتی سیاسی بوو نەک دەوڵەت وەکوو بەرهەمی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی. هەروەک لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیشدا دیسان ئەو ئەگەرە لە ئارادابوو کە، هەرچۆن لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات

چەند دەوڵەتی سیاسی دروست کرا، دیسان بۆ کوردیش ئەوە دابین ببووایە، لە کاتێکدا کە ناوکی ئەو دەوڵەتەش بۆ کورد لە کۆماری کوردستاندا دانرا بەڵام بەجووتنەبوونی بەرژەوەندیی دەوڵەتانی گەورە لەگەڵ کورددا ئەو هەلەشی لە دەست دا. هەروەک لە کۆتایی جەنگی کەنداودا، کە عێراق گەیشتە کەناری داڕمان، ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە باشووری کوردستان هەبوو. هەروەک لە ساڵی ۲۰۰۳شدا و لە ڕووخاندنی ڕژێمی داگیرکەری باشووری کوردستاندا ئەگەری ئەوە هەبوو کە دەوڵەتێکی سیاسیی کوردی لە باشووری کوردستان دروست ببێت و ئەم جۆرە دەوڵەتە سیاسییەش ببێتە چوارچێوەیەک تیایدا نەتەوە گەشە بکات و بەرەو قۆناغی «بوون»، کە مەبەستمان کوردبوونە، هەنگاو بنێت. بەڵام بە گوێرەی کورد ئەم ئەگەرانەش هیچیان نەبوون بە واقیع و کوردبوون لەسەر بەستێنی واقیع نەبوو بە ڕاستی. کەواتە ئێستا چۆن و لە چ دەروازەیەکەوە کورد دەتوانێت لە قۆناغی کوردەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناغی کوردبوون؟

قۆناغی کوردبوون بریتییە لە قۆناغی بەدەوڵەتبوونی کورد. ئێمە ئەزموونێکی نزیکیشمان لەبەردەمدایە لە باشووری کوردستان کە گشتپرسی کرا بۆ سەربەخۆیی، بەدەر لەوەی کە کێ کردی و بۆ چ ئامانجێک کردبێتی، واتە ئەوە هیچ گرنگ نییە، بەڵکوو ئەوەی گرنگە لەسەر ئاستی جەماوەریی خەڵکی باشووری کوردستان ڕێژەی دەنگدان چۆن بوو؟ ڕاستە ڕێژەیەکی بەرز ڕاگەیەندرا، بەڵام من وەکوو ئەوەی لە شارێکی وەکوو سلێمانیدا بینیم و خەڵکیش دەیزانن ڕێژەی ئامادەبوونی دەنگدەران کەم بوو، لەو ڕێژەیەش بەشێکی دیاری بە نەخێر دەنگیان دابوو. ڕاستە ئەمە ڕۆڵی خراپی حیزبە سیاسییەکانی تێدابوو، ئەویش لەبەر ئەوەی کە سەرباری ئیدیعاکردنیان بۆ کوردایەتی و باسی مافی چارەی خۆنووسین، بەڵام دەرکەوت بە کردەوە حیزبە باڵادەستەکانی سلێمانی هەڵگری سادەترین ئاستی گوتاری نەتەوەیی نین و حیزبی عێراقچین و لەبری

پرۆژەی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی ئەوان دەیانەوێت لەگەڵ عەرەبی عێراقدا، بەتایبەتی لەگەڵ شیعەدا، پێکەوە بن و لە عێراقدا بمێننەوە؛ چونکە لە سادەترین لێکدانەوەدا هەر دەنگدانێک بە دژی سەربەخۆیی دەنگدانە بە دژی کوردبوون و دەنگدانە بە پاشکۆیەتیی کورد. ئەگەر لەسەر بنەمای ئەو گشتپرسییەی باشووری کوردستان سەیر بکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرینەی حیزبەکانی ئێستای کوردستانیش هێشتا بەرنامەکانیان هاوتەریبە لەگەڵ قۆناغی کورد لە خۆیدا، نەک کورد بۆ خۆی؛ یان بە دەربڕینێکی تر، بەرنامەکانیان لە ئاستی چەمکی کورددایە نەک چەمکی کوردبوون. ئەمەش دەبێتە سەلمێنەری ئەو ڕاستییە کە ئەم حیزبانەی کوردستان تاکوو ئێستا حیزبی کوردبوون نین، بەڵکوو حیزبی کوردن و ڕوانین و بەرنامە و ستراتیژێکی پەرەسەندووتر لە ڕوانین و بەرنامە و ستراتیژی تاکەکەسیی ئاسایی زیاتریان نییە. هەر لێرەوەیە کە ئێمە زۆربەی کات پێداگری لەمە دەکەین کە ئەم حیزبانە نەک هەر لەو ئاستەدا نین کوردبوون بکەنە ئەمری واقیع، بەڵکوو لە زۆر ڕووەوە ڕێگریشن لەبەردەم ئەو پرۆسێسە ناوکۆییەی پەرەسەندندا کە دەشێ لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردیدا ڕوو بدات و هەم بکەرێکی کوردی ڕووداودروستکەر بەرهەم بهێنێت هەم ڕوانگە و تێڕوانینێک بەرهەمە بهێنێت کە لە گەوهەر و ماهیەتی خۆیدا بە ڕۆحی کوردبوون ئاوس بێت و بەرهەمهێنی گوتارێک بێت کە بە کۆی ڕەگەز و توخمەکانی گوتاری کوردبوون بارگاوی کرابێت.

ئێستا ئاشکرا دیارە کە لە دەرەوەی بوونی دەوڵەتی کوردی قسەکردن لەسەر کوردبوون سووڕانەوەیە لە بازنەی بەتاڵدا. لەبەر ئەوە کاتێک باسی کوردبوون دەکەین دەبێ باس لەو ڕێگایە بکەین کە دەشێ لێیەوە کورد بگات بە ئاستی بەرهەمهێنان یان دروستکردنی دەوڵەت. ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات و لێرەدا نەتەوە یەکسانە بە کوردبوون. کەواتە

بۆ ئـــەوەی بگەین بـــە قۆناغی کوردبـــوون دەبێ دەوڵەتی کوردیمان هەبێت. زۆرجار گوێبیســـتی ئەوە دەبین کە بـــارودۆخ بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی لەبار نییە، بەڵام ئەمە بێجگە لە قسەیەکی بۆش و بێمانا هیچی تر نییە و پاساوی ئەو ڕوانگە و ئەقڵە نانەتەوەییانەیە کە ڕاهاتوون بە پاشکۆیی و بە برابچووکیی نەتەوە سەردەستەکانی کوردستان بمێننەوە و تا دونیا هەیە کورد پاشکۆی عەرەب و تورک و فارس بێت، یان کورد ژێردەستە و کۆیلەی فارســـبوون و عەرەببوون و تورکبـــوون بێت. دیارە مرۆڤ بەســـتێن و بارودۆخ دروست دەکات نەک بەســـتێن و بارودۆخ بەرەهایی تەحەکوم بەســـەر مرۆڤـــەوە بـــکات. کوردســـتان وەکـــوو جوگرافیا بنەماکانی گواســـتنەوەی کوردی بـــۆ کوردبوون هەیە، کە مەبەستمان لەو بنەمایانە هێزی مرۆڤی و ســـەرچاوەی ئابووریـــە. بـــەڵام لـــە کۆمەڵگەی کوردیدا تاکوو ئێستا تایبەتمەندییەکی زۆر ئاشکرا و ســـەرەکی غائیبـــە و بوونی نییە بۆ بڕیـــاردان و لەڕووداوەســـتان، ئەویـــش ئیرادەیـــە. واتە ئیرادە بۆ بڕیاردان. نەبوونی ئەو ئیرادەیەش لە ئاســـتی یەکەمـــدا پەیوەنـــدی بـــە لاوازیـــی هوشـــیاریی نەتەوەیـــی و پێنەگەیشـــتنی ناســـیۆنالیزمی کوردییەوە هەیە. ئەمە سەرباری ڕۆڵی نەگەتیڤی حیزبی سیاســـیی کوردی و نوخبەی سیاســـیی نانەتەوەیـــی کـــوردی لـــە لاوازکردنی ئیـــرادەی نەتەوەیی خەڵکی کوردســـتاندا، ئەویش بەهۆی خەریککردن و سەرقاڵکردنی جەماوەرەوە بە شتی بچووک و بە دەوری گوتاری لۆکاڵی خێڵایەتی و ناوچەگەرییەوە، یان ئاڵاندنی جەماوەری کوردەوە بە دەوری گوتاری دیموکراتی بۆ دەوڵەتی داگیرکەر و ئۆتۆنۆمی و خودموختاری و مافی ڕۆشـــنبیری و دیموکراتیی گەلان و فیدراڵی لە ناوەرۆک پووچدا بۆ نەتەوەی بندەست یان بۆ کورد. حیزبی کوردی لەبەر ئەوەی حیزبی ناسیۆنالیزمی نین و هەڵگری پـــڕۆژەی نەتەوەیی یـــان پـــڕۆژەی کوردبوون نین کاریگەریی نەرێنییان لەسەر کۆنەستی جەماوەری خەڵکـــی کوردســـتان هەبـــووە و هەیـــە و لەبری کۆکردنەوەی کورد وەکوو یەکەیەکی یەکگرتوو لە دەوری گوتاری کوردبوون، هەرحیزبە و بەشێک لە جەماوەری لە ڕێگای کوردبوون لاداوە؛ بەشێک بە ئاراستەی عێراقچێتی، بەشێک بە ئاراستەی پان-ئێرانیزم، بەشـــێک بە ئاراستەی برایەتیی تورک و کورد و چەمکی فشۆڵ و بێگەوهەری دیموکراتیی گەلان. ئاشکرایە هەرگیز نەتەوە سەردەستەکانی کوردستان نەک داوای دیموکراتیی گەلان لە نێوان نەتەوەی سەردەســـتی خۆیان و گەلی بندەستی کورددا ناکەن، ئەوە کوردی پاشـــکۆ و کەسێتیی تێکشکاو و ناکارا و بێدەسەڵاتە لەبەر لاوازی، یان باشـــتر بڵێین، لەبەر نەبوونی ڕوانگەی نەتەوەیی تەواو ئەم چەمکانە دەهێنێتە پێشەوە، و بێ گومان نەتەوەی سەردەســـتیش گاڵتەی بـــە ئەقڵی ئەو نوخبە و حیزبە سیاسییانەی کورد دێت کە بەرنامە بۆ ژیانی پێکەوەیی لەگەڵ ئەودا پێشنیار دەکەن. وەکوو گوتمان نوخبەی سیاسی و حیزبی کوردی لەم ڕووەوە زیانیان لە ئیرادەی میللی کوردی و لە خواســـتی میللی کوردی، و بەو پێیەش، زیانیان لە کوردبوون داوە و بەربەســـتیش بوون لە ڕێگای دروستبوونی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، و هاوکاتیش لە بری یەکێتیی نەتەوەیی دابەشبوونی یەک لە دوای یەکیان لە جەستەی کورددا دروستکردووە و نەک هەر بوونەتە بەربەست لەبەردەم کوردبووندا زۆرجـــار کوردیشـــیان وەکوو پێکهاتـــە نەتەوەییە ڕاوەســـتاوە کە خســـتووەتە بەردەم مەترسییەوە و دەیان سەرکێشـــیی بـــێ بنەمایان پێکـــردووە لە پێناو بەرژەوەندییە تەســـکەکانی خۆیاندا یان بۆ ڕازیکردنی ئەم داگیرکەری کوردستان یان ئەوی تریان.

کوردبوون یـــان دروســـتکردنی دەوڵەتی کوردی وەکـــوو گوتمان لە هەموو بارودۆخێکدا شـــتێکی شـــیاو و چاوەڕوانکـــراوە ئەگـــەر ناسیۆنالیســـتی کوردی ببێتە هێزێکی ئەوتۆ و ناســـیۆنالیزم بکاتە ئایدیۆلۆجیایەکی جەمـــاوەری کە ئایدیۆلۆجیای کۆی چین و توێژ و ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کـــوردی بێت و ســـەرجەم کورد بکاتـــە هێزێکی یەکگرتوو، جەماوەر و حیزب و نوخبە و سەرەجەم دامـــەزراوە ناوخۆیـــی و لۆکاڵییەکان لـــە ئایین و

ئایینزا و ڕێبازەکانی تەسەوف و تەکیە و خانەقا و خێڵ و عەشیرەت و تیرە و هۆز و بنەماڵە و شار و گوند و... پێکەوە کۆ بکاتەوە و ڕێکیان بخات و بەرەو لەڕووداوەستان و خۆسەلماندن و بونیادنانی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەت ئاراستەیان بکات؛ ئەوا کورد لە بوونەوە وەکوو پێکهاتەیەکی خاوی ڕاوەستاوی ناکارا دەگوازرێتەوە بۆ ئاستێکی تر کە کوردبوونە. کوردبوونیش بریتیقە لە بوونی کورد بە بکەرێکی کارا و چالاک و ڕووداودروستکەر و هەنگاونەر بەرەو بەشداریکردن لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا و بەرەو بەشداریکردن لە بەرهەمهێنانی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا، ئەمەش وەکوو پێشتر گوتمان تەنیا لە پێکهێنانی دەوڵەت و بەدەستهێنانی سەروەریدا دەبێت. بێ گومان ناسیۆنالیزمی کوردیش بەبێ بونیادنانەوەی کەسێتیی تێکشکاو و بەپەراوێزبووی کوردی ئەستەمە ببێتە پرۆژەیەکی کاریگەری لەو جۆرە، چونکە هەر پرۆژەیەکی لەو جۆرە پێویستی بە بکەرێکی کارا و لەسەرپێی خۆڕاوەستاو و خاوەن ئیرادەیە. بونیادنانەوەی کەسێتیی کوردییش تەنیا لە ڕابوونەوە یان ڕینێسانسێکی گشتگیردا دەبێت لە جەستەی کۆمەڵگەی کوردیدا، کە بۆ ئەمەش دەبێ کورد خۆی وەکوو کۆمەڵگە و وەکوو جەماوەر و وەکوو نەتەوە نەخشەساز و بونیادنەر و جێبەجێکەری بێت. دیارە پرۆژەیەکی لەو جۆرەش پرۆژەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە و تەنیا لەمەوە ڕێگای گەیشتن بە کوردبوون دەست پێدەکات، کە هەمان ڕێگای گەیشتنی کەسێتیی کوردییە بە ئاستی بونیادنانی دەوڵەت و وەکوو پێشتریش گوتمان کورد لە سایەی دەوڵەتدا دەبێتە نەتەوە و بەو پێیەش لە قۆناغی کوردەوە دەگوازینەوە بۆ قۆناغی کوردبوون. واتە کوردبوون و بەنەتەوەبوونی کورد یەکسانن کە ئەویش قۆناغی خۆسەلماندن و خۆنمایشکردن و ڕزگاربوونە لە مەترسیی لەناوچوون و گەیشتنە بە ئاستێک کە تیایدا کورد هاوتەریبی نەتەوەکانی تر بوەستێت و خاوەنی بوونی خۆی بێت.

مەبەست لە گوتار پێکهاتەیەک یان دەربڕینێکی زمانییە کە دەشێ نووسراو یان گوتراو (زارەکی) بێت و بە بیر و زانیاری و مانا و دەلالەت بارگاوی بکرێت. گوتاری نەتەوەیی پێکهاتەیەکی زمانییە بە بیر و زانیاری و مانا و دەلالەتە نەتەوەییەکان بارگاوی دەکرێت. هەر لێرەوە گوتاری کوردی یان کوردبوون ئەو گوتارەیە بە زمانی کوردی بەرهەم دێت، چ نووسراو بێت یان زارەکی، هەروەها بە بیر و زانیاری و مانا و دەلالەتی کوردی بارگاوی دەکرێت. بیری کوردییش تەنیا کاتێک شوناسی کوردبوونی بە باڵا دەبڕدرێت کە لە گەوهەردا کوردی بێت و سەرچاوەکەی کوردی بێت و ڕوانگە و ڕوانینی کوردانە بێت و خواست و ویست و مافەکانی کوردی لە خۆیدا کۆکردبێتەوە و هەڵگرتبێت.

> مەبەست لە گوتار پێکهاتەیەک یان دەربڕینێکی زمانیە کە دەشێ نووسراو یان گوتراو-زارەکی -بێت و بە بیرو زانیاری و ماناو دەلالات بارگاوی بکرێت

ئاشکرایە خواست و ویست و مافی هەر نەتەوە یان پێکهاتەیەکی ئێتنیکی لەسادەترین پێناسەدا ئەوەیە کە ئەو پێکهاتەیە خۆی خاوەنی هەموو شتێکی خۆی بێت. واتە خۆی ئەو کەسە بێت کە بڕیاری هەموو شتێکی خۆی بدات. بۆ نەتەوە و پێکهاتە داگیرکراو و دابەشکراو و ژێردەستە و چەوساوەکانی وەکوو کوردیش خواست و ویست و سادەترین ماف بڕیاردانی چارەنووسی خۆیانە، کە ئەوەش لەمەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەو پێکهاتەیە بە ئازادی و بێ هیچ ڕێگرییەک مافی ئەوەی هەبێت کە خۆی بڕیار بدات چی دەوێت.

کاتێک باسی گوتاری کوردبوون دەکرێت، دەبێ بزانین گوتاری کوردبوون بە ئاستێک لە گوتاری کوردی جیا دەکرێتەوە ئەویش لە ڕووی زیاتر

جەختکردنە سەر گەوهەری گوتارەکە و ڕوانین بۆ هێز و وزەی ناوەوەی گوتارەکە و شێوازی ڕەنگدانەوەی ئەو گەوهەر و مایەتە بە ئاراستەی دەرەوە. واتە گوتاری کوردبوون جەختکردنە لەسەر بوون و مایەتی ئەو پێکهاتەیەی کە ناوی کوردە، دووەمیان واتە گوتاری کوردی ئەو قۆناغە پێشان دەدات کە ئەم پێکهاتە خاوەن بوون و مایەتە گوزارشت لە خۆی بکات بە شوناسی دیا رو تایبەتی خۆیەوە و ئەوەش لە دەرەوەی گوتارەکە و کورد خۆیشی وەکوو بەرهەمهێن و خاوەنی گوتارەکە دەبینرێت. بەڵام سەرئەنجام هەردوو گوتار پێکەوە کۆدەبنەوە و گوتاری نەتەوەیی کوردی پێک دەهێنن، کە بێ چەندوچوون ئەم گوتارە لەمەدا پێناسە دەکرێت کە گوتارێکە بە کۆی ڕەگەزە نەتەوەییەکان و خواست و ویست و تمووحە نەتەوەییەکانی کورد بارگاوی کراوە، کە ئەویش لە گەوهەردا بریتییە لە سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی، چونکە کوردبوون مەبەست بوونی کوردە بە خاوەنی شوناسی خۆی، واتە شتێک نییە ناوی کوردبوون و کوردایەتی بێت بەبێ بوونی شوناسی کوردبوون. شوناسی کوردبوونیش مانای گەیشتنی کورد بە ئاستی ئامادەبوون و بەدەستهێنانی توانای خۆنمایشکردن لە بەرانبەر ئەوانی تری غەیری کورددا. کەی کورد دەتوانێت وەکوو کورد خۆی لە بەرانبەر ئەوانی تردا نمایش بکات؟ بێ گومان کاتێک شوناسێک هەبێت لەسەر ئاستی جیهانی ناوی شوناسی کوردی یان شوناسی کوردستانی بێت. هەر شوناسێکی لەم جۆرەش تەنیا و تەنیا لە بوونی کورد بە ئەندامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدەست دێت. کەی کورد لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەبێتە خاوەنی شوناس؟ بێ گومان کاتێک ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. بۆ نموونە، ئەگەر ئێستا کوردێک لەسەر ئاستی جیهان یەکەمین زانای فیزیای ئەتۆمی بێت و خەڵکی شاری سنە بێت، ئەوا لە ناوەندی زانستی و پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا پێی دەڵێن زانایەکی فیزیکی ئێرانی. بە یەشار کەمال دەگوترێت نووسەری گەورەی تورک، بە بەهەمەنی قوبادی دەگوترێت دەرهێنەری سینەمایی ئێرانی، کاتێک مەسعوود محەمەد کتێبەکەی «بۆ پایەبەرز گورباشۆف» نووسی، بە بیرمەند و نووسەرێکی گەورەی عێراقی ناویان برد. واتە هەرچۆن ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت هەموو داگیرکەرانی کوردستان، کوردستانی خۆیان هەیە، بەڵام کورد کوردستانی خۆی نییە، کورد شوناسی داگیرکەرانی کوردستانی هەیە و شوناسی کوردستانی یان کوردبوونی نییە. ئەمەش گەوهەری کێشەکەیە واتە وڵاتێک نییە کە شوناسی کوردستانی هەبێت و منی کوردیش هەڵگری ئەو شوناسە بم. هەرگیز ئێمە نابین بە خاوەنی شوناسی کوردی یان کوردستانی تاوەکوو کورد نەبێتە ئەندامێکی دانپێدانراوی نێو پێکهاتەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. کەواتە ئێستا پرسیار ئەمەیە: ئایا کورد دەیەوێت ببێتە خاوەنی شوناسی کوردی و کوردستانی یان دەیەوێت هەڵگری شوناسی داگیرکەرانی کوردستان بێت؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زۆر بە سادەیی پەیوەندی بە ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی کوردەوە هەیە و لە دوو ئینتیمای جیاوازەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەوانیش ئینتیمایە بۆ کوردستان، یان ئینتیمایە بۆ شوناسی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان. بێ گومان کاتێک باسی شوناسی کوردبوون دەکەین بە هیچ شێوەیەک مەبەستمان ئەوە نییە کە کوردبوونمان لە عەرەببوون بۆ عەرەب و تورکبوون بۆ تورک و فارسبوون بۆ فارس پێ لە پێشتر بێت، یان پیرۆزتر بێت. نەخێر مەبەستمان ئەوەیە کوردبوون بۆ کورد لە ئاستی عەرەببوون بۆ عەرەب و تورکبوون بۆ تورک و فارسبوون بۆ فارسدا بێت، بەڵام بەبێ شۆڤێنیزمەکەی ئەوان. ئەمەش ئەو ستاندارە مرۆڤی و گەردوونییەیە کە هاوشانیی لە نێوان نەتەوە و ئیتنیکە جیاوازەکاندا پێک دەهێنێت و برایەتی لە نێوان نەتەوەکانیشدا بەبێ هاوشانبوونیان پێک نایەت. کەواتە کوردبوون بریتییە لەو قۆناغەی کە مرۆڤی کورد تیایدا وەکوو مرۆڤ و بەدەر لە هەر ڕق و کینە و هەستێکی تری

نەتەوەیی بەرانبەر بە ئەوانی تر، گوزراشت لە بوون و شوناسی خۆی دەکات.

لەبەر ئەوە ئێستا بەئاشکرا دەتوانین بڵێین گوتاری کوردبوون بریتییە لەو گوتارەی کە بارگاوی کراوە بە ڕەگەز و توخمەکانی بوون و ئامادەبوون و خۆسەلماندنی کورد، کە ئەوەی یەکەمیان بوونی ماددیانەی کوردە، واتە بوونی فیزیکی، دووەم و سێیەمیش دوو ڕەگەزن، کردار یان پراکتیک بەرهەمیان دەهێنێت و پێناسەیان دەکات؛ یان بە دەربڕینێکی تر، بەرهەمهێنانی ماددی ئامادەبوون و خۆسەلماندن پاساو دەدات و بەبێ بوونی بەرهەمی ماددی شتێک نییە ناوی ئامادەبوون و خۆسەلماندن بێت. مەبەست لە ئامادەبوون ئەوەیە کە بکەرێکی ڕووداودروستکەر یان بەرهەمهێن بوونی هەبێت. بە گوێرەی کوردیش تەنیا کاتێک دەبێتە بکەر کە ڕووداو لەسەر شوێن کە جوگرافیاکەی خۆیەتی دروست بکات، ڕووداویش بە گوێرەی کورد گواستنەوەیە لەم قۆناغەوە کە هێشتا نەبووەتە خاوەنی شوناسی کوردی بۆ قۆناغێک کە ببێتە خاوەنی شوناسی کوردیی دانپێدانراو لە لایەن ئەوانی ترەوە. ئەوەش تەنیا کاتێک دەبێت کە کەسێتیی کوردی کە مەبەست کەسێتیی نەتەوەیی کوردییە لەسەر نەخشەی جیهانی سیاسی و لەسەر نەخشەی پەیوەندیی نێودەوڵەتی بە جۆرێک بوون و ئامادەبوونی هەبێت کە هەم گوێ لە دەنگی بگیرێت هەم قسە بۆ گوێیەکانی بکرێت. ئەوەش تەنیا کاتێک دێتە دی کە کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. خۆسەلماندن و ئامادەبوونیش، کە جووتەیەکی لێکجیانەکراوەن، بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی مانای ڕاستەقینەی خۆیان دەبێ کورد وەکوو نەتەوە ببێتە بکەرێکی بەرهەمهێن، ئەوسا ئامادەبوون و خۆسەلماندن مانا وەردەگرن. تەنیا کاتێکیش ئامادەبوون و خۆسەلماندنی کورد لە لایەن ئەوانی ترەوە دانی پێدا دەنرێت کە ئەم ببێتە ئەو بکەرە ڕووداودروستکەرە کە بەشداری هەبێت لە بەرهەمهێنانی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا. تاکوو کورد نەبێتە دەوڵەت، ئەو بنەمایانەی نابێت کە دەیگەیەنێن بە ئاستێک بتوانێت بەشداری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یان مرۆڤایەتی بکات و لەوێشەوە هەم بوونی بپارێزرێت و لە مەترسیی لەناوچوون دەرباز بێت، هەم ئەو ئامادەبوونەی بیگەیەنێتە ئاستی بەدەستهێنانی ئەو شوناسەی کە پێی دەگوترێت شوناسی کوردبوون، کە ئەوەش تەنیا کاتێک دەبێت کە گوتاری نەتەوەیی کوردی بگاتە بەرزترین ئاستی و لەسەر بەستێنی واقیع جێبەجێ بکرێت، ئەویش وەکوو سەرەتا ئاماژەمان بۆ کرد تەنیا کاتێک دەبێت کە کوردبوون بگاتە ئاستی عەرەببوون، تورکبوون، فارسبوون، ... و هەموو ئەوانیتربوون، بەڵام بە ڕوانینێکی مرۆڤی ڕووتکراوە لە هەست و هەڵوێستی شۆڤینیستی. تەنیا لەو ئاستەی بووندا کورد دەبێتە خاوەنی ڕاستەقینەی بوونی خۆی، بوونێک کە ڕۆحی گشتیی کۆمەڵگەی کوردی تیایدا بگاتە بەرزترین ئاستی بڵندبوون و لەوێوە گوزارشت لە بوونی خۆی بکات، کە ئەمە باری ڕاستەقینەی بوونیەتی، بوون لە ئازادیدا، بوون لە دەرەوەی ترسی لەناوچوون، بوون لە دەرەوەی خۆبەستنەوە و پاشکۆیەتی بۆ داگیرکەرانی کوردستان، بوون لە یەکێتی و یەکبوونی نەتەوەییدا، بوون لە گوتاری نەتەوەیی کوردیدا، بوون لە دەوڵەتدا، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

> گوتاری کوردبوون بریتیە لەو گوتارەی کە بارگاوی کراوە بە ڕەگەزو توخمەکانی بوون و ئامادەبوون و خۆسەلماندنی کورد